شیعری کلاسیك بزانێت. بیرمەندی گەورەی کورد(مسعود محمد) دەڵێت:(هەر دەم شیعرێکی نالی ئەوە دەهێنێت چەندین ساڵ لێی بکۆڵیتەوە). شیعری کلاسیکی کوردی، نەك هەر پێوانە و بەراورد ناکرێت بە شیعری دوای ئاپەڕین، بەڵکو کلاسیك لە مێژووی شیعری کوردیدا، قۆناغێکی دووبارە نەبووەوەیە.دەیان شاعیر دەتوانن لاسای شێرکۆ بێکەس و پەشێو و بکەنەوە، بەڵام کێ دەتوانێت وەك نالی و مەحوی بنووسێت؟ پاشان دەکرێ بپرسین، لەو دەم شیعرییەی غەمگیندا، زمانی نوێ لە کوێدایە؟ مەگەر ئەو موفرەدانەی ئەو لەو دەم شیعرە و شیعرەکانی دیکەشیدا بەکاریان دێنێت، سەد ساڵ نییە بەشێکن لە زمان و شیعری کوردی؟ئەم دەم، چ داهێنان و جوانییەکی تێدایە، کە وەك داهێنان و نوێگەریەك لە زمانی شیعری شاعیرانی کلاسیك بیبینین؟لەو کەمەڵە شیعرەی شاعیر کە ئەو وەك نموونەی ئاڤەکردنی شیعری لە کتێبەکەی خۆی هێناویەتییەوە،نەك هەر زمانێکی نوێیان تێدانییە، بەڵکو هەمان زمانی شاعیرانی دیکەیە، کە گۆرانی شاعیرنیو سەدە زیاتر لە مەو بەر، زۆرهونەرییانەتر شیعری پێ نووسیوە.هەروەها نووسەر لەلاپەڕە84ی کتێبەکەیدا، نووسیویەتی:(یەکێك لە ڕەگەزەکانی شیعری دوای ئاپەڕین سەرهەڵدانی منە.ئیتر دەق دەیەوێت گوزارشت لە ڕوحی تاك بکات،نەك ڕوحی میللەت کە لە شیعری شەست و هەفتاکان دەبینرێت). ڕوون و دیارە کە شیعری دوای ئاپەڕین بە گشتی،ئەزموونێکی خود گەراییە لەوەی بابەتی بێت. دیارە ئەمەش بێ گومانکاری لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژی مرۆڤی کورد دەگەڕێتەوە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، منی دوای ئاپەڕین، لە چیدا جیاواز دەکەوێتەوە لە منی قۆناغەکانی دیکەی شیعری کوردی؟هیچ نەبێت من لە قۆناغەکانی دیکەی شیعری کوردیدا، پەیامێك و گوتارێکی هەبووە، بەڵام کام پەیام لە گوتاری بەشێکی زۆری شاعیرە گەنجەکانی دوای ئاپەڕین هەیە؟. ئێمە لێرەدا، نموونەیەك دێنینەوە. گۆرانی شاعیر نیو سەدە زیاتر لەمەو بەردەڵێت: هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی کە پێی مەستم. بێم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەبەستم.. غەمگین بێیش دەڵێت:

بمخەنە ناو قەدیيەك..

سەرم لە سەر داخەن..

ئەگەر بە وردی سەرنج لەو دوو کۆپلە شیعرییە بدەین(بە مانای بەراوردکردن نا)، ئایا هەست بەوە ناکەین کە منی گۆران، منێکی چەند داهێنەرتروجیاوازترە لە منی دوای ئاپەڕین؟ کە نووسەری کتێبەکە لای وایە ڕەگەزێکی نوێیە لە شیعر.ئایا گۆران لێرەدا بانگەشەی ڕوحی میللەت دەکات، یان وەك سایکۆلۆژستێك دەیەوێت ئەو دیو خەیاڵەکانی بخوێنێتەوە؟پاشان نووسەر هەر خۆی لە کتێبەکەیدا

بۆچوونەکانی خۆی هەتدەکاتەوە و دەکەوێتە پاراداکسی واتاوە.چونکە لەلاپەڕە 93ی کتێبەکەیدا، ئەمجارەیان دەنووسێت:(لە شیعری غەمگین بێیدا کە (شیعری دوای ئاپەیینە) شتێك هەیە پێی دەڵێن واقیع و بانگەشە دەکات).دەکرێ بپرسین ئەگەر شیعرێك وەك دروشم بانگەشەی واقیع بکات، جا هەر جۆرە واقیعێك بێت، شیعرێکی(خودی ومن)یە یان(کۆمەڵی و حەشاماتی)؟ لەکاتێکدا ئەحمەدی مەلا هەخنە لە شیعری هەفتاکان دەگرێت کە هاوحی میللەت دەدوێنن. بە مەرجێك شاعیرانی هەفتاکان، ئەگەر ئەو بانگەشەیان کردبێت،پەیام و ئامانجێکی دیاریکراویان هەبووە کە خۆی لە ڕیفڕمکردنی کۆمەڵگە و خوێندەواریی و وستانەوە لە دژی ئەقڵی دەرەبەگایەتی و ئایدۆلۆژییەوە بینیوەتەوە. بەڵام شاعیرێك ئەگەر بانگەشەی ئەوە بکات(لە نێو قەدیسەکدا)بیشارنەوە! دەتوانێ چی لە ژیانی خۆی و ئۆمەش بگێڕێت؟ لە کاتێکدا نووسەری کتێبەکە، باسی یاخیبوون لە شیعری گەنجانی دوای ئاپەیین دەکات! یاخیبوونێك ئەگەر دەرەنجامەکەی داهێنان و گۆڕینی واقیعێکی کۆن بە نوێ نەبێت، جگە لە دروشم کە دەشێ خوێنەران فریو بدات، هیچی تر؟ئاخێ هیچ شتێکیش هێندەی دروشم و دروشمکاری، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی هەیە و باوە؟ئەو لەکاتێکدا باسی واقیع لە شیعری غەمگین دەکات، هەرخۆی لەلاپەڕە 30ی کتێبەکەدا دەنووسێت:(خودی واقیع شوێنکی شیعری نییە). بەگومان لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا، نووسەر بۆچوونی دژ بەیەك دەردەبڕێت. هەنگە بەشکی ئەو هاودژییە لە گەیاندنی مانادا، پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە نووسەر ئەم وتارانەی لەکات و ساتی جیاوازدا نووسیوە. چونکە ئەگەر هەڵەنەبم، ناوەڕۆکی ئەو کتێبە، پشتر بە شێوەی وتاری جیاجیا لە گۆڤاری(ئەدەبی سەردەم) باوکراونەتەوە کە من خۆم خوێندوومنەتەوە. بەڵام کاتێ لە دووتوێی کتێبێکدا کۆی وتارەکان بە یەکەوە باوەکرێنەوە، ئەوا خوێنەر باشتردەتوانێت بەراوردی ناوەڕۆکی نووسینەکان بکات. چونکە هەمووی لە بەردەستە و دیدەن.نووسەر لە شوێنکی دیکەی کتێبەکەیدا دەنووسێت:(نەوەی شیعری دوای ئاپەین، هەست دەکات سنوورێك لە نێوان ئەوان وئابردوو هەیە.کەلەپووری باوك فریای ئەوان ناکەوێت و هەتیدەکەنەوە).بە بۆچوونی خۆم، شتێکی نوێمان نەگوتوە، ئەگەر بڕێین سنوورێك لە نێوان نەوەی پێش و پاش ئاپەین هەیە.ئەو سنوورە لە یەك کاتدا، سنوورێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ژیاریيە.ئەو سنووڕە، بەرمەبنای ئەو گۆڕانکاریەیە کە ئاپەین لە ژیانی ئێمەی دێنێتە ئاراوە.کە وەرچەرخانێکی گەورە بوو.بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە،لەو دیو سنووری دوای ئاپەینەوە، ئەو نەوەیە توانی چی بکات؟ چ داهێنانێك بکات جیاوازتر لە پێشووتر؟توانی ئەزموونێکی

دیکه و گوتارێکی دیکەی شیعری جیاواز دروست بکات.یاخود ئەزموونی بەشێك لەو شاعیرانە کەلەپووری باوکییان هەتدکردۆتەوە.لە کاتێکدا نووسەری کتێبەکە نموونەی لە شیعری شاعیرێکی گەنجی دوای ئاپەرین هێناوەتەوەکە(ئێبین ئەحمەد خدر)ە و لە شیعرەکەیدا دەڵێت:
باپیرم خەونێکی دی..
باوکیشم هەمان خەونی دی.
منیش هەمان خەونە ئێستا دەیبینم..
ئەگەر شاعیرێك، هەمان خەونی باوك و باپیرانی ببینێت،ئاخۆ دنیای گەورەکانی هەتکردۆتەوە، یان لەبەریگرتۆتەوە؟بینینی جیاوازییانەی شاعیرێك لە ئابردوودا،تێپەاندنی ژیانی باوك و باپیران، بە کەسێك دەکرێت کە دوای سەد ساڵ هەمان خەونی ئەوان ببینێتەوە؟یان دەبێ خەونێکی جیاوازتر ببینێت؟مەگەر نوێ لە کوێ دایە؟ دابڕان لە ئابردوو چۆنە؟ ئەگەر جیاوازتر لە ئابردوو بیرنەکەینەوە و دنیا نەبینین؟ئاخۆ دنیابینی ئەو شاعیرە، ئەو گوتارەشی کە لەو شیعرەدا بووني هەیە، هاوتەریبە و یەکدەگرێتەوە لە گەڵ بۆچوونەکانی نووسەری کتێبەکە؟ لە کاتێکدا ێبین ئەم شیعرە دەنووسێت، ئەحمەدی مەلا، پەسنی دەدات ودەڵێت:(ێبین نایەوێ ئاور لە کەلەپووربداتەوە،بەکو ئەو شاعیرە جیهانی گەورەکان هەتدەکاتەوە).بە مەرجێك ئەمە شیعری ئەو شاعیرەیە کە هیوادارم خوێنەران سەرنجی بدەن، ئەوکات دەردەکەوێت، کە بە ئاست ئەو شاعیرە گەنجەی دوای ئاپەین، جیهانی گەورەکانی هەتدکردۆتەوە؟!! بە داخەوە ئەم بۆچوونانە، لە گوتاری نووسەرێك ناچێت، کە خۆی شاعیرە و لە بارەی شیعری کوردیشەوە، ئاگایەکی زۆرو وردی هەیە.باسێکی دیکە لە کتێبەکەدا، کە بۆ من جێگەی سەرنج و پرسیاربوو ئەوەیە، کە نووسەر لە لاپەڕە 67دا دەنووسێت:(ئەو شیعرانەی کە لە هەوڵەر دەنووسرێن شیعری تاریکییەکانن،شیعری سێبەرەکان وشیعری ژێر زەمین و خۆشاردنەوەن) بەڵام (ئەو شیعرانەی لە سلێمانی دەنووسرێن شیعری ڕوناکین،شیعری فۆین و حەوشەکانن). وەکو خوێنەرێك، نازانم مەبەستی نووسەر لە(تاریکی هەوڵەر) و(ڕوناکی سلێمانی)چییە؟!. جگە لەوەی دەلالەتێکی سیاسی هەیە کە کەسانێك بۆیان وایە، سلێمانی ئازادترە لە هەوڵێرو دەبێ لەوێ َ لە ژێر زەمینەکانەوە بنووسی. ئەم بۆچوونە، بۆچوونی ئەدیبەکان نییە، بەکو بۆچوونی سیاسی و ئایدۆلۆژستەکانە، بۆچوونی ئەوانەیە، کە زۆرجار هەوڵێروسلێمانی بە کۆریای باکوورو باشوور دەناسێنن.شیعری ژێر زەمینی لە هەوڵێردا،دەستەواژەیەکی نوێیە لە پاش ئاپەینەوە بۆ من وەك خوێنەرێکی بەردەوامی شیعرکە گوێبیستی دەبم.من وەك خوێنەرێك حەزمدەکرد، بە میتۆدێکی شیکاری و ئاڤەکاری، نووسەری کتێبەکە

ئەوەم بۆ شیبکاتەوە، کە چۆن شیعرە تاریکەکانی هەولێر، لە شیعرە ووناکەکانی سلێمانی جیابکەینەوە؟ کام ئەدگارو خاسییەت لە یەکتریان هەاوێرد دەکات.بۆ ئەوەی باشترو ووونتر ئەو بۆچوونەی بپکابا. دواتر ئمە شیعرکی غەمگین بۆی، کە شاعیرکی هەولێرییە، لەگۆ شیعرکی شاو حەبیبە، کە شاعیرکی سلێمانییە، بە یەکەوە دەنووسین، بزانم هیچ جیاوازییەکییان هەیە؟.شاوحەبیبە دەنووسێت:

پەردەکە جوان دەپشکنم..
ژنەکەم نووستووە ناهێم هەتاو بانگی کا…

غەمگین بێیش دەنووسێت:_

بەم نیوە شەوە.. دەنگی گوللەیەك
ژوورەکەمی پر کرد لەگومان..

گریمان، ئەگەر ناوی هەردووشاعیرەکە، لە سەر شیعرەکانییان بسینەوە، کۆ دەزانێت کامەیان هەولێری و کامەیان سلێمانییە؟ئایا جیاوازییەکی ئەو تۆ لە نێو ئەو دووەربینە سادە و ساکارە هەیە؟ئەی نووسەری کتێبەکە خۆی جەخت لەوە ناکاتەوە، کە خودی واقیع شونکی شیعری نییە، مەگەر سلێمانی و هەولێر، تێخکردنەوەیەکی دیموگرافی و کۆمەایەتی و واقیعی نێوان دوو شار نییە؟. من دەزانم نووسەر مەبەستی لە تاریکی هەولێرو ووناکی سلێمانی میتافۆرە بۆ بابەتك،بەێام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئەو خاسییەتانە ونن لە شیعرەکان، بۆ ئەوەی بەرمەبنای ئەو خاسییەتانە، جیاوازی لە نێوان شاعیرکی هەولێری و سلێمانی بکەین.لە کاتکدا دەقك نییە بە ناوی شیعری هەولێرو انیە و سلێمانی، چونکە شیعر(ئەگەر شیعر بێت!) دواجار هەر شیعرە. تەنانەت لە کوردستانی باشووردا، سەد ئەوەندەی سنە و شنێ، هێمن و شیعرەکانی ناخونرنەوە و خشەویست نین؟دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە شیعری دوای اپەین، شوناسکی گەورە و ئاێزە و لە ئەزموونی سادەی چەند شاعیرك کورت ناکرێتەوە وەك ئەوەی لەو کتێبەدا باسکراوە.

*پەراوێز: ناوی کتێب:شیعری دوای اپەرین، نووسینی:ئەحمەدی مەلا، زنجیرەی دێسییەکانی سەردەمێێێ 51_ساێی 2019.

*ئەم بابەتە لەژمارە(274)ی گۆڤاری امان لە 5/3/2020 بڵاو کراوەتەوە…

گەانەوە و شتی تریش ... سەران محەمەدسوورە

خوێندنەوەی چیرۆکی "گەانەوە و شتی تریش"ی ەشید مەحموود

"دەنگی هەڵەن ئێستاش هەر لەنێو گوێچکەمدایە و ئۆوکات نەمدەوێرا وا بڵێم، بەڵام ژنێکی جوان بوو."

ئەمە، خوێندنەوەیەکە بۆ چیرۆکی گەانەوە و شتی تریش. لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵدەدرێت ئاماژە بە چەند زاراوەیەك بکەین، کە لە چیرۆکەکەدا هەیە، کە دەرگەیەکە بۆ دەرککردنی ەهەندە شاراوەکانی چیرۆکەکە و لەگەڵ زاراوەکانیش هەوڵدەدرێت تەکەز بخرێتە سەر کاریگەریی نەریت و دین بەگشتیی و ەهەندی مۆژوویی چیرۆکەکە بەتایبەتیی.

چیرۆك، چیرۆکی ژانەی کەس و شتەکانی دەوروبەرە. دەنگی هۆقیی و سامناکیی ویژدانی چیرۆکنووسە، کە تا نەیگێتەوە ناحەجمێت. چیرۆك؛ ماڵێکی غەمگینە و لە خاوەنی خۆیشی، کە چیرۆکنووسە، دواجار حاشا دەکات و تەنێ گوێگران بە خاوەنی خۆی دەزانێت. گۆرگۆن* (Gorgon)ـەکان لەدەمی گێانەوەدا وەها دەچنە دنیای گێانەوەی چیرۆك و زمانی چیرۆکەکەوە، کە دواجار هەر شتۆك نیگا بکەن، بەبەردبووی دەکەن. جوانیی ئەم ئەفسانە و چیرۆکگێانەوەیەش هەر لە بەبەردکردن، مانەوە لە دنیای خۆیان، دایە، کە نایانەوێت لە بازنەی گێانەوەێ بچنە دەرەوە. ئا ئەم چیرۆکەش دەیەوێت لە بازنەی گێانەوە دانەبڕێت و دانەبڕێن؛ بەشێوەیەك، کە وادەکات تا کۆتایی، دەستبەرداری خوێندنەوەی چیرۆکەکە نەبین، تەنانەت ئەگەر بێت و شتۆك لە دەوروبەرمان نیگا بکەین، بەبەردبوو ببێت.
چیرۆکی "گەانەوە و شتی تریش"، لە نووسینی "ەشید مەحموود"ە. گێەوە، بە زمانێك دەگەێتەوە، کە هەمان گەانەوە دەبێتە گەانەوەی ئێمەش. ئەوە منداڵیی ئێمەیە، لە گوندێکی دوورەشار ژیاوە و تێکەڵمان دەکاتەوە بە ووداوگە/ شتی تریش. بۆیە تا کۆتایی چیرۆکەکە، دەیان ووداو/شتی تریش، لە منداڵیی و ژیانی خێت

دڵنەوە بیر، کە هاوشێوە و نزیکن، بەڵام دەپرسین ئەگەر ئەم زمان و گەمە گێڕانەوەییەی چیرۆکنووس، تەوس و تەنزە نەبوایە، ئەو چۆڕبینینە، هەست و ئەڵهای دەرککردنمان بۆ ئەم چیرۆکە دەبوو؟

درۆژتر لە چیرۆکەکە و شتی تریش:

کارەکتەر لە گوندێك، کە چل ماڵێك دەبن دەژیەت. لەوێ "دێوانە"کان هەن، "ئاوەی زۆر باو بوو لەوێ (دێوانەکان) بوون، کێ دێزانێ دێوانەکان کێن و چین؟"

- دێوانە: سەر بە تەریقەتی نەقشبەندیین، خوو و نەریتێکی سەیر، پابەندبوونێکی چەقبەستوو بە گەورەکەیان/ شێخ هەیە، وەك باوە و وتراوە، لە کابرایەکیان پرسیی؛ پێغەمبەر محەمەد گەورەترە، یان شێخ ئەشید، وتی دیارە -گێڕانەوەیەکی تر هەیە دەڵێت: هەرتکیان مرۆڤی مەزن بوون-. ئەم دیارەیە بۆ شێخە نەك پێغەمبەر. شێخ ئەشید لە پێغەمبەر محەمەد پیرۆز و گەورەترە.
  دێوانە، خێشەویستییەکی زۆری بۆ چەپاك هەیە، لە پارچەی دووەمی چیرۆکەکە دەخوێنینەوە: کە دێوانەیەك گۆپاڵی ئووە و ماڵی بەرباربووێك ئاگرتووە و پێی دەڵێت: "بۆ سەیری مانگا سوورەکەت بکە".
- چەپاك (گۆپاڵ): لەلای دێوانەکان پیرۆزە، وەك دار عەسای موسا، بەکو زۆتریش. گرنگیەکەی ناگرن و ئامرازێك نییە بۆ ڕێکردن، بەکو نیشانەی ئاستەکەی دەگرن و دەڵێن، سێ جار باریکەکەیشی، هەرگیز لە کاتی ڕێشتن و ڕێکردن بەر زەوی ناکەوێت.
  پیرۆزیی چەپاك، گەیشتووەتە ئاستێك؛ کە دەتوانن بە ئاماژەکردنی گۆپاڵ بۆ کەسی دژ یان "بەربار"بووێك، پەجوو بافرێنن و کەسی بەربار تووشی نەگبەتیی و (خوانەخواستە) بەڵایەك بکەن.
- بەربار: لەلای دێوانەکان ئەو کەسەی جزیە نەدات، کە بریتییە لەو داواکارییەی دێوانە لە کەسێکی دەکات، نانپێدانبێت، یان بزن و گا بێت. زۆرجار دەڵێن: خەونمان بە فڵانە شتەی تێوە بینیووە، ئیتر ئەوە دەبێتە ماڵی شێخ یان دێوانە. ئەگەر نا ئەوە کەسەکە بەربار دەبێت، سەرپێچیی فەرمان کراوە. بە مانایەکی تر واتە لەوان نییە.

وەك لە چیرۆکەکە دەردەکەوێت؛ ئاماژەکردنی گۆپاڵ بە ئاماژەی

ماڵی بەرباربووەك، گەفی بۆ سەیری مانگا سووڕەکەت بکەن، ئەوە مردن و زیانگەیاندنە، لەپای ئەو سەرپێچییەی بەربار کردوویەتی، ئەمیش مرداربوونی مانگایە.
"نەشمانەزانی، کە ئایا ئەم چێرکە ڕاستە یان نا"، ئەوە نیشاندەدات، کە کارەکتەر لە پێواریی زانین، لەنێو خورافیات و نەریتێکی یەکجار دواکەوتوو ژیاوە، کە یەکسەر ئەم ڕستەیە لەم تەمەنەیدا، ئاماژە بۆ خۆشباوەڕیی و نەبینیی کۆمەڵگە و خەڵکە، کە وەها نەریت و خورافیاتی دینیی باڵی بەسەردا کێشاون. ڕستەی دوای ئەمیش "دەرکمان بە ووداوەکانی… ، نەکرد.) کە بۆ ووداوان (ان)ی کۆ بەکار دێنێت، داخۆ چیتر ووێدابێت، کە باسی لێوەناکات و ووداوگەلێك بە نهێنیی دەسپێرێت. داخۆ ئەمە بەهۆی ئەوەوە بووبێت، کە دەرکی ئەم ووداوانەی بۆ نەکراوە؟ چونکە وا لە چێرکەکە دەگەین، کە ئەو ووداوانەی تر، کە دەیانگێڕتەوە، دەرکی کردوون. سەرباری ئەمە، ئەوە نیشان دەدات، کە ماڵی سەرکی دێوانەکان جێگەی پەجوو و ووداوی سەمەرە بووە، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا دەرکی ئەم ووداوانەی بۆ نەکراوە. کارەکتەر لەگەڵ ئەم خۆشباوەڕیە منداڵییەشیدا؛ چاوەڕێ بووە لەسەر جێگەلەیەك، کە کەوتبووە نێوان گردێك و ماڵیانەوە، فریشتەیەك بێت و بیکاتە بانمرۆڤ و دەمڕاستی خەڵك.

گەڵانەوە لەم چێرکەکە بۆ چێرکێکی تر و ئەمیش تەنیا بە ڕستەیەکی کورت، (چێرکگەلی؛ شوانبوونی پغەمبەر، سنگشەقکردنی پێغەمبەر، هۆنین و جێگەی تەسنیم، چێرکگەلی دێوانەکان و مانگا سووڕەکە و… تاد) گەڵانەوەیەکی جواناسیی و گێڵانەوەیەکی سەرکەوتوانەیە، کە بەشێوەیەك توانایی چێرکنووس بۆ ئافراندنی چێرکی باش و جیاواز لە تاکووداویی، بە دەربڕین کورت و بڕفێداڵی وشە و هەڵشتنی زانیاریی لابەلا، نیشان دەدات.

ئەمەی خوارەوە، ئەو قسانەن لە چێرکەکەدا، کە یەکێکیان ساتی نووسین/چێرکگێڵانەوەیە و ئەویتریان سەرسامبوونە بە دێوانە و ژیانیان، ئەویتریشیان قسانێکە، تێیدا کارەکتەر هەست دەکات و ئارەزووەکانی دەجووڵێن؛ مەیلداریی بۆ جوانیی هاوڕەگەزەکەی، کە ناتوانێت بڵێت؛ جوانە، کەبتەکرێت، چونکە دەنگی ژن حەرامە، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی فریودەر و ناسکە و پیاو ناتوانێت لە بەرانبەریدا خۆی بگرێت. ئەمەش داستان و ئەفسانەی "شمشێری خودا" –پیاو؛ ئەو پاڵەوان و گەورەیەی، کە لە ژن ڕەزدارترە- ئاشکرا دەکات.

یەکەم: قسانغی چاوەڕوانیی.

دووەم: قەناغی مامناوەندی.
سێیەم: قەناغی گشتی.

قەناغی گشتی: ئەمە قەناغی دەسپێکردنی چیرۆکەکەیە و ئەو تەمەنەیە، کە چیرۆکەکەی تێدا دەنووسرێت/نووسراوە. "چەندین مانگ بەسەر بیست و پێنج ساڵییەوە تێپەڕین و شتێکی نوێ ڕووینەدا". بە گوێرەی ئەمە و بە پشتبەستن بەو ساڵەی لەگەڵ چیرۆکەکە نووسراوە، ئەوەڵ دەبێت چیرۆکنووس لە 1992 لەدایك بووبێت. (ئەمەش تەمەنی دوو قەناغەکەی تریشمان بۆ ئاشکرا دەکات. واتە قەناغی چاوەڕوانیی لە شەش ساڵیی و قەناغی مامناوەندیی سێزدە و چواردە ساڵان).
ئەم کەوتنە نێو ساڵی تەمەنەش (25 ساڵیی) وادەکات، کە چیرۆکەکە بگۆڕێتەوە، کە لە پارچەی دووەمدا دەیخوێنینەوە، هەبەتە وەك لە پارچە (پەرەگراف)ی یەکەمدا نووسەر ئەوە نیشان دەدات، کە گوایە ئەو ژیانە خودییەی خواستی بووە و ئەو ڕوانیەی لە ژیان گرتبوویە بەر، کە هەمیشە دەنگی ئەو لەگەڵ دەنگی کۆ/باو نەهاتووەتەوە، پەشیمانییەك چەکەرە دەکات، کە گوایە ئەوەی پێیوابووە نوێیە، نوێ نەبووە، بۆیە ژیانی ڕۆژانەی دەبێتە قەرەبووکردنەوەی بێداریی، تەمەنێ یاخیبوون و سەرکێشیی دوای تەمەنێ ڕاستەرنەچوون، گومانکردن و پرسیارکردن. پەشیمانییەك، کە دواجار خۆ دەدزرێتەوە.

قەناغی چاوەڕوانیی: بەندە بە تەمەنی پێغەمبەرەوە، کە جوبرائیل سنگی شەق دەکات، کە ئەودەم تەمەنی پێغەمبەر 6** ساڵیی بووە. واتە چیرۆکنووس لە تەمەنی 6 ساڵییدا بووە، کە دەکاتە ساڵی 1998 (لێرەدا باز بەسەر دۆخی ساڵانی نەوەتەکاندا دەدەین، کە کارەکتەر تێیدا ژیاوە، مەبەستمان ئەوەی پێوەست بێت بە گەرموگوڕی و گەشەکردنی دەروانەکان لەم گوندەدا.) و دەیەوێت خودا، وەك پێغەمبەر، یانیش دەروانە و خەلیفەیەك هەڵبژێرێت، تا خزمەت بە دینی ئیسلام بکات، کە ئەمە هەمان کۆخەونی منداڵیمانە. چونکە ڕۆژانە چەندین جار دەبیستین، کە خودا توانای هەموو شتێکی هەیە. کەچی لە قەناغیی گشتانەوەدا، واتە لە تەمەنی 25 ساڵییدا دەڵێ: شتێکی نوێ ڕووینەدا.
قەناغی مامناوەندیی: چیرۆکنووس لەو خەیاڵە دانکیشێتییە بەئاگا هاتووەتەوە، بەڵام هێشتا نازانێت چۆن خودا توانای کردنی هەموو شتێکی هەیە؟ ئەم قەناغە ساتی ئامان و خستنە ژێرپرسیاری شتەکانی دەوروبەرە، دۆخێك، کە کارەکتەر لەنێوان دین و ئاواکردنی دین، جەنگی مانەوە و جەنگی دەستبەرداربوونیەتی. نیشانەکانی (سەری خۆم دۆخورێنم و هەروەها لەبەر تۆ نابێ هەر بڕۆوو نابن، کێ چوزانێ؟)

قەناعەت بەخۆکردن ناداتە خوێنەر، کە بڵێت: ئیتر خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە سێچوار جار سەرووزیادیەتی، بەڵکو بەداوی دەسپێکردنەوەوە تووشە. خۆی لەخۆی دەپرسێت: ئاخۆ من لەکوێی کۆتایی ئەم چیرۆکەم؟ ئەی ئەوە منی گێڕەرەوە/کارەکتەر-قۆناغی گێڕانەوە- نەبوو، پێیەکانی خستبوونە سەر مێزەکەوە و ئێستێش دانیشتووم، کە چووزانێ؟

گێڕانەوەی کورت و بەتایبەت پێدانی تەوس بە چیرۆکەکە، لەو شوێنەی کە گەرەکیەتی، پێکەوە خوێنەر زێتر وابەستەی چیرۆکەکە دەکەن:
"لەسەر قۆناغێکی پاکێوتم، جاری یەکەم خۆو دەمباتەوە و نامباتەوە." بیرکردنەوە لە قەرەبووکردنەوەی خەوی شەوانە، گێڕەرەوە دەخاتە وەنەوزدان، کە قۆناغی گێڕانەوەیە، بیرکردنەوە لە ئابردوویەك (قۆناغی سنگشۆقکردن بەتایبەتیی)، کە کارەکتەر کەشی دینیی و ئاستر بەم خەیاڵی دەنکیشێتیی، کە خەڵك دروستیان کردووە و بووەتە نەریت، تەواو بەسەر کارەکتەرەکەمان/ماندا زاڵە، کە شەی لەگەڵ چاوەڕوانیی بووە، خودایەك، کە نێردراوی نایەت تا سنگێکی تر شەق بکات -تۆی خوێنەر بڵێ: گەدێ، کە نایەت …- ئەمەش لەپێناو زێتر تێکەڵبوون لەگەڵ نووری خودا. لەگەڵ ئەمەشدا پێکەوەبەستنەوەی ئستەی "برایەکم دڵێ ناکرێ نیوەی ئێژکێ بە ئێژوو ببم؟" ئەم شۆوەگێڕانەوەیە تەکەز لەسەر هەبوونی پەروەردەیەکی توندی دینیی، بەئام زارەملێیی دەکاتەوە. "سێری خۆم دەخورێنم. دەنگی هێلین ئێستاش هێر لێنۆو گوێچکەمدایە و ئۆوکات نەمدۆڕا وا بڵێم، بەئام ژنێکی جوان بوو." لێرەدا ئەو پەرشیی، قەدەغەییی و تەنانەت بە حەڵامزانینی دەنگی ژن و کەبتکردن لە دین-ئیسلامدا-، زێر بە زەقی دیارە، بەتایبەت کاتێ گێڕەرەوە دەڵێت: ئەوکات نەمدەوڕا وابڵێم، بەئام ژنێکی جوان بوو. تەنانەت ترس دەکەوێتە سەر وشەیەکی کورتی وەك (جوان)یش.

گوند؛ دوور لە شارە، بەئام ئاوەدانییەکی بەخۆوە گرتووە. ئەم ئاوەدانییەش کەمتازێر پێوەندی بە کۆبوونەوە و ماڵی سەرکی دێوانەکانەوەیە. کارەکتەر چەندجار هەوڵی ئەوە دەدات بچێتە دەرەوە تا میز بکات، بەئام دەرگەکەیان بەرانبەر باخچەی ماڵی دێوانەکانە، کە شەوانە تێیدا کۆدەبنەوە و خەریکی گاتا کردنن. لەوێدا ئێکەوتی مامی، کە ئاستییەکەی مامی باوکییەتی دەکات، کاتێك دەیەوێت بێتە

دەرەوە، کە چاوەڕێی خەزانەکەیەتی، کە دەکاتە ئامۆژن/ ئامۆژنی باوکی. دیارە لەم پەرشیی یان لەم نەتوانینەی، کە مەردی ژنەکە/دەوانەکە تێیدابووە، ژنەکە سەغڵەت دەبێت و دەڵێت: "بە خاتری شێخ هەشید با خودا بتباتەوە بۆ خۆی".
دەوانەبوون، بەشێوەیەك پلە دەداتە ژن، کە پیاو/پیاوی نادەوانە مافی چاوەڕوانکردنیشی نییە، چونکە ئەو لە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکێکی پیرۆز و خودایییدابووە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە دەبێت دەوانەبوون چ شەوکەت و شانازییەك بە پیاوی دەوانە ببەخشێت لەبەرانبەر ژن/ژنێك کە دەوانە نییە/نەبێت؟ چونکە دەوانەکانیش پێوەکاری دینی ئیسلامن.
دواجار گێڕەرەوە لەمە تێدەگات، کە دەوانەکان (سوارانی خودا) تاریکووون دەگەڵنەوە.

"دایکم گوتی: ئەگەر من نەبم، خودا لێتان خۆش نابێت، من نەمدەزانی خودا بۆچی لێمان خۆشنابێت." دووبارە گێڕەرەوە بە وشەی "هەرچەندە" چیرۆکی ماتەیی خەیمان بۆ دەگێڕتەوە لە چاوەڕێبوونی هاتنی فریشتە، بەڵام تێناگات لەو مەهزەلەیەی کە خودا بۆچی لێی خۆش نابێت. ئەوە نییە، چەندین جار چاوەڕێبووە، تا بەشە شەیتانییەکەی فڕێبدرێت. ئیدی ئەم دەیەوێت بەم گوزارشتە خۆی هەها، یان بۆبەریی بکات لەهەر شتێك و تاوانێك، کە دەیکات، تەنانەت گۆڕگرتن لە مەسیقاش، چونکە فریشتەکان نەهاتوون. تاوان لە فریشتەکانە. بەڵام ئەمە درۆژە دەکەشێت، هەرچەندەش گێڕەرەوە دەڵێت: "ڕاستە کاری دنیا ئاوایە***"، بەڵام خەدەبوایە ژیانم بەم شێوەیە نەبوایە و شتێکی نوێ ڕووی بدابا و کۆتایی بەم تێدامانە یەکێتمییەی هێنابام، بەڵام لەوێ ئەو ئەگەرە نییە، کە دەشێ شتێك/جیاواز ڕووبدات.
ئەم کەڵەکە بوونەی خودا و پێکرانی خودا، دواجار چیرۆکنووس دەرکی ئەوە دەکات و تێدەگات، کە خودا توانای ئەو هەموو شتانە/ شتی تریشی هەبووە، هەیە. بەڵام بە تەوسێکیشەوە، دەڵێت: "هەرچەندە چەندین جاڕێش چاوەڕێ بووم، تا فریشتەکان بڕۆن و بڕۆ شەیتانییەکەی نەوم فڕێبدەن؛ بەڵام من هەرگیز شوان نەبووم." واتە دەبوایە بۆ ئەوەی خودا توانای کردنی ئەمەشی هەبێت، پێویست وابووە، کە کارەکتەر دەبوایە شوان بووبێت. ئەگەر نا خودا توانای دووبارەکردنەوەی هەمان ڕووداو و چیرۆکی نییە و ناشبێت.
(لە چیرۆکەکەدا سنگشەقکردن دوای شوانبوون خستراوە، ئەمەش تا مانایەك، یانیش بیانوویەکی تەنزیی بۆ جڤاك، دەسەڵاتی خودا و ڕوونەدانی سنگشەقکردن بۆنێتەوە. واتە خودا غەیبی هەبووە و

زانیویەتی کە کارەکتەر لە تەمەنی مێرمنداڵییدا و دواتریش تووش بە ژیانی شوانبوون نابێت، ئیتر چ چەقێیەك یان بیانوویەك بداتە جوبڵایل تا بچێت سنگی شەق بکات و وەك سوارچاکی خێی هەڵیببژێرێت.) لەکاتێکدا خودا، کە توانای کردنی هەموو شتێکی هەبووە، هەیە و دەشبێت، ئەوە منداڵێك لەسەر جێگەیەك (تەسنیم) لەنێوان گردێك و ماڵەکەی چاوەڕێیە خودا توانای بەبەردا بێت/بێتەوە و فریشتەکان بنێرێت تا بەشە شەیتانییەکەی (کە ڕاستییەکەی هەر خودا پێی بەخشیووە) لێیفڕێبدەن.
جێگەی (تەسنیم): دەکرێت بەکارهێنانی جێگە، گەڕانەوەیەکی تریش بێت بۆ چیرۆکی ئافراندنی مرۆڤ، بابادەم پاشانەکینۆ حەوا، بۆیە بابادەم؛ خەونی کارەکتەری منداڵە، کە ئەویش نێرە، جگەلەوەش حەوا لە پەراسووە نەك لە قوڵی جێگەی تەسنیم. کەواتە دەکرێت حەوا؛ (ژن/ ئەوەی کە دین و کۆمەڵگەکانمان بە زەحیفەیان داناوە) پلاری تەمەنی بیستوپێنج ساڵیی تەمەنی بەفیڕچووی کارەکتەر/چیرۆکنووس بێت، کە قەرەبوو ناکرێتەوە؛ بیگرێتە دین و نەریت، ئەمیش لەپای ڕوونەدانی شتێکی نوێ.
هەبەت بەسوودوەرگرتن لە بیردۆزی لاسایکردنەوەی پلاتۆن: خودا، نموونەی باڵایە و ئادەمیش سێبەر/ خەلیفەی خودایە لەسەر زەویی و حەواش هونەرە لاسایکراوەکەیە، کە دووجار لە نموونەی باڵا، یاخود وەکخۆبوون، دوورترە. بەمانایەکی تر ژن پلە سێیە و لێرەش لەپیاو کەمترە. ئەمەش ڕەنگە ئەو گومانەمان؛ مەبەستبوونی چیرۆکی ئافراندنی بابادەم و حەوا، پێکەوە پشتڕاست بکاتەوە، کە دواجار دەیەوێت بڵێت: گەڵێ خودا ئەمانەشی توانیوون، لە جیاوازییەکی نابەرابەر، تا ناکۆتا لەنەبڕاو؛ ناتەبا و جیاواز.

ئەم هەموو ڕووداوانەی چیرۆکەکە، کە دەشێت بۆ چاوی کارەکتەر، نوێ بووبن، کە بەسەر ئەم نەهاتوون، بۆیە لە ژیانیدا هیچ شتێکی نوێ نابینێت و ڕووینەداوە. ئەمەش بەوەکارەی وەڵامی ئەو چاوەڕوانییەکردنەی دەمی منداڵیی نەدراوەتەوە و سنگی شەقنەکراوە.

دەکرێت لە کۆتاییدا ئەوە بگوترێت، کارەکتەری چیرۆکەکە هەمیشە بەهۆی هەوڵدان بۆ بوون بەوەی، کە لەدەسەڵاتیدا نییە و لە توانا بەدەرەێ، لەنێو خەوتن و ئاگاییدایە. چیرۆکنووس دەیەوێت پێمان یەژێت: لە چاوی منی کارەکتەری منداڵ/ منداڵییمان و ئێستامان؛ شتی نوێ؛ ڕووانەوەی/لاسایکردنەوەی چیرۆکە گەورەکانە. بۆیە پەیاماڵاستەیی ئەودیوی چیرۆکەکە؛ فێدانی خەیاڵی دژنکیشۆتانەیە بۆ بوون بە پاڵەوان، گەڕاندنەوە و زیندووکردنەوەی ڕووداو و لاسایی

کەسانی تر. بۆیە گەرەکە خۆمان بپچڕێنین و ڕووداو/ ڕووداوی بچووك بافرێنین و دەستبەرداری منیگەورە ببین و چیتر خۆمان بە خەونی نەکران، دڵنکیشێت ئاسا، تێدانەمێنین.

_____

پەراوێزەکان:

- گێرگێن: تێقێنەر. ئەفسانەیەکی گرێکییە و سێ خوشکن؛ بەناوەکانی مێدووسا Medusa، ستێنو Sthenno و ئۆریوول Euryale. ئەم سێ خوشکە پرچیان ماری ژەهراوییە. گێرگێنەکان بەوە گوزارشت دەکرێن، کە چیرۆکان دەگێڕانەوە، هەر کەسێکیش سەیری چاوی بکردبن، یەکسەر بووە بە بەرد.
** هەبەت گێڕانەوەی جیاواز هەیە لەسەر ئەم مێژووە، ئێمە بۆ ئەوەی تێوانینی خۆمان بە لەگەبووونی شتی تریش بنووسینەوە، ئەم ساڵەمان هەبژاردووە، هەبەت زۆرجار تەمەنی شەش ساڵیی گوزارشت لە قۆناغی 2 بۆ 6 ساڵی دەکات.
*** ڕاستە کاری دنیا ئاوایە، ئەمە سوودوەرگرتنە لە ڕۆمانی (قەسابخانەی ژمارە پێنج، کوورت ڤۆنێ گات، وەرگێڕانی: عەتا نەهایی، چاپخانە: سەردەم، چ1، سلێمانی- 2008)، چیرۆکنووس سوودی لە ڕۆمانی جیهانیی و مۆدێرن وەرگرتووە. ئەم دەقئاوێزانییەش یان بۆیین ئەم وەرگرتنەیەشی، زۆر جواناسیی شکاوەتەوە.

سەرنج: ئەم نووسینە، لە ژمارە "4"ی گۆڤاری کەلێن، ساڵی 2018 بڵاوکراوەتەوە.

هەرشی مۆغۆلەکان بۆ سەر هەولێر... ریاز حاجی

بۆ خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە کلیکی ئێرە بکەن .....

کتێب: ئەو کاروانەی بە هەواری ئەمە نەچوو

یادەوەری
نوسینی سالار ڕەشید
چاپ چاپخانەی تاران
تیراژ ١٠٠٠ دانە
لاپەڕە ٦٠٢ لاپەڕە
نرخ ٥٠٠٠ دینار
بڵاوکردنەوەی کەمپانیای بلاق پێک



خوێنەری ئازیز ! ئەوەی لەدووتوێی ئەم پەراوێدا نووسراوە کێک بیرەوەری خۆش و ناخۆش،تاڵ و شیرینە. وەلێ ئەمانە بە تەنها هەر بیرەوەری خودی نووسەر خۆی نیە، تەنانەت بیرەوەری هاوڕێ و دەوروبەرکەیشی نیە بە تەنها، ئەمانە لە ڕاستیدا بیرەوەری شارێک و سەربوردە و بەسەرهاتکەیەتی لە بگرە دەورانێکی مێژوویی خۆیدا. ئەم بیرەوەریانە حیکایەتی کەمێک گەنج ولاوی شاری کەرکوکە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە تە هەندێکت لەرەو لەوە لە ژنەوتووە، وەلێ ئەمە پەراوی حکایەتە تەواونکراوکانە . ئەم کتێبە ئێستا لە کتێبفرۆشکانی سەرجەم شار و شارچککانی کوردستان دەستدەکەوێت کە کەمپانیای بلاق پێک هەستاوە بەکاری دابەشکردنکەی.

ئێستا لەم ناوەندانەی فرۆشی کتێب دەست خوێنەری بەڕێز دەکەوێت:

سلەمانی

کتێبخانەی سلەمانی – تەنیشت چاخانەی شەعب
کۆشکی مەلا محسین- بەدەم ڕێشەوە
کۆشکی ڕەبین – بەردەرکی سەرا
کتێبخانەی ڕەمان – بازاڕی سیروان
کتێبخانەی وشە – جادەی مەولەوی
کتیبخانەی ڕەهەند – جادەی مەولەوی
کۆشکی سەرچنار ناوبازاڕی سەرچنار
کۆشکی سەرا نەوشیروان بەردەرکی سەرا

قەزاوناحیەکانی سلەمانی

هانیە – کتێبخانەی ئەحمەد کەیی
قەڵادزێ – کتێبخانەی ژین
چوارقورنە – کتێبخانەی ڕەهەند
کەیە – کتێبخانەی هەژار
کەیە – کتێبخانەی دیاری
چەمچەماڵ – چاپەمەنی تنک
کەلار – کتێبخانەی شەروانێ
کەلار – کتێبخانەی شار
دەربەندیخان – کتێبخانەی ڕەسەن

پارێزگای هەولێر

هەولێری شەهید – کتێبخانەی هەژار موکریانی
هەولێری شەهید – پەراوگەی شادی
سەید صادق – کتێبخانەی بەخود

کەرکوک

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالەگ

...
هەولێر

کۆشکی یەئاشتی شەخلا

کوشکی میدیا (بهجت) بەرامبەر داون تاون

کوشکی باغی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ

کوشکی سیروان تەنیش جاخانەی مجکو

کوشکی یەاوینة (رشید سورة) جادەی باتا

کوشکی هەولیر (عبدالکریم.) کوتري سلام

کتێبخانەی دیدار بازاڕی ٢٢شنبیری

کتێبخانەی سەران بازاڕی ٢٢شنبیری

کتێبخانەی هەمن بازاڕی ٢٢شنبیری

کتێبخانەی فەربوون بازاڕی ٢٢شنبیر

کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا

کتێبخانەی یەمازەن ڕێگای کەرکوک

کتێبخانەی محوی بازاڕی ٢٢شنبیری

کتێبخانەی پیرەمەرد بازاڕی ٢٢شنبیری بەرامبەر قوتا

کتێبخانەی ٢٢دار ژێر هوتێل شیرین پاڵاس


کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرامبەر سوپەر مارکێتی یەایێ نێوان 60 مەتری 40 م

دەرەوی شار

کتیبخانەی هاوژین لێ هریر

کتیبخانەی مێژک لة سەران

کتیبخانەی شیرکو لة رواندوز


بیرەوەری
ئەو کاروانەی
بۆ هەواری نێمە نەچوو
دەربارەی چەند نەڵقەیەکی نامیار لە مێژووی
رێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناری کەرکووک
سالار ڕەشید
ئەو کاروانەی بۆ هەواری نێمە نەچوو
سالار ڕەشید
THE CONVOY
THAT DID NOT ARRIVE HOME
MEMOIR
SALAR RASHEED